# شەونم

هۆنراوەی (38)

در نمازم خم ابروی تو در یاد امد

من لە نوێژا بوو کە دیم تاقی برۆت بەر چاوە
حاڵەتێ گرتمی میحرابەکە دەنگی داوە
لە من ئێستا بە تەمای سەبر و دڵ و هۆشێ مەبە
ئەو سروشتی کە ئەتۆ دیوتە ئیتر نەم ماوە
مەلی باغ و چەمەنێ مەستن و بادەش روونە
کاتی دڵداری یە ئاواتی دڵان بووژاوە
روو بەرەو خۆشی دەبینم لەوەبەولاوە جیهان
بۆنی خۆشی گوڵی هێنا کزەبا لەولاوە
وەرە ئەی بووکی هونەر بەس کە شکایەت لە بەخت
هۆدەیی جوانی   بڕازێنەوە زاوا لاوە
خۆ دەڕازێننەوە بووکانی بەهاری گشتی
دڵبەری ئێمەیە  خۆجوان و خودا پێداوە
داری بەر گشتی لە ژێر باری عەلاقەی دنیان
خۆشی بۆ سەروە کە ئازاد و لە خەم رەخساوە
لە وتەی حافزی شێعرێکی وەخوێنە موتریب
تا بڵێم باوە  نەشەی دەوری جوانیم ماوە

حافزی حەقیقی